# محمد یونس : برسیەتی بوو ژیانی گۆڕییم ..!

بە یارمەتیدانی ژنان و برسیەکان، خەلاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرت.

ئا/ شێرزاد هەینی ـ سوید

Sherzad55@hotmail.co



پروفیسۆر محمد یونس

برسیەتی و ژن هۆکاری سەرەکی وەرگرتنی خەلاتی نۆبلی ئاشتی ساڵی 2006 بوو بۆ پروفیسۆر محمد یونس، ئەو زوو دەرکی بە نەهێشتنی برسیەتی لە بەنگلادیش و پاشان لە جیهانکرد. بە کاریگەری دایکی فێری ئەوەبوو یارمەتی و کۆمەکی کەمی ژنان بکات. ئەو بیرۆکەیە بووە ناوکی بەرنامەی دانانی بانکی گرامین بۆ قەرزی کەم. قەرزو بەشداربووانی بانکی گرامین 94% بەر ژنان کەوتووە.

رۆژانە لە پێش چاوی ئەو سەدان برسی لە ولاتەکەی دەمردن، بۆیە رزگارکردنی ئەو هەزارەها برسیانە، بواری سیاسی و چالاکیەکانی بواری مافی مرۆڤ و ئازادی و کۆشش بۆ دیموکراسی خەلاتی نۆبلی ئاشتی بەرەو بواری مرۆڤایەتی گۆڕی. دیارە ئەو خەلاتە درایە ئەو خێرخوازەی بواری مرۆڤایەتی زۆر دوور لە سیاسەت، ئەو خەلاتەی رۆژانێک بە نهێنی ستالین و هتلرو موسولینییش دەستنیشانی بەخشینی کرابوون. هۆکاری تری بەخشینی ئەو خەلاتەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە پاش ئەوەی بیرۆکەکەی ئەو لە ولاتەکەی سەرکەوتنی بێ وێنەی بەدەستهێنا، لە ولاتانی دەولەمەندی وەک کەنداو نەرویژو روسیاش پەیرەوکرا.

یونس لە ساڵی 1940 لە گوندی باسوای بەنگلادیش لەدایکبووە، پاش تەواوکردنی قۆناخەکانی خوێندنی لە داکا بویتە مامۆستای زانکۆ، هاوشانی کاری وانەبێژییەکەی کاری ئیدارەیی کردووەو کۆمپانیەکی دابینکردنی دامەزراندووە. لە ولایەتی تنسی دکتۆرای وەرگرتووە، لەگەڵ خاتوو ئافرۆجی مامۆستای فیزیا زەماوەندی کردووە. ئیستاش بەیەکەوە لەگەڵ هەردوو کیژەکەشی دینا و مونیکا ژیانی ئارامی بەرێوە دەبات. باوکی دوکانی خشلی هەبووە، ئەو کوڕی ژمارە 3ی هەر 14 منالەکەی مالەوەیان بووە، لەبەر رەوشی خراپی تەندروستی کۆمەلگەکەیان چوار لەو منالانە مردوون، ئەندامانی خێزانەکەی پلەی ژیری بەرزیان هەبووە، ئەوانیش لە بوارەکانی راگەیاندن و زانست و ئەکادیمی کاریانکردووە. برا گچکەکەی لە زانکۆی داکا پرۆفیسۆری فیزیایە، یەکێکی تریشی پێشکەشکەری سەرکەوتووی تەلەفزیۆنە.

سەرتاج عزیز وەزیری پێشووی دارایی پاکستان وتوویەتی: من 24 سالە ئەو پیاوە وەک پیاوێکی ماندوونەناس دەناسم، خاکی ژیاوە. پاش ئەو سەرکەوتنەی مەزنەشی هیچ نەگۆڕاوە. سەبارەت بە خەباتە خێرخوازییە 30 سالیەکەی لە بواری یارمەتیدانی هەژارانا وتویەتی:

ئەو هەژارانە، لەبەر نەزانین و دەبەنگی هەژار نین، ئەوانە هەژارن چونکە ژێرخانێکی ئابووری نی یە یارمەتیان بدات، هەژاری کێشەیەکی هەیکەلییە نەک کێشەیەکی تاکە کەسی.

به خەبات و کۆشش و یارمەتی 30 ساڵی هەژاران، نازناوی بانکی هەژارانی وەرگرتبوو. کە ولاتی بەنگلادیش لەساڵی 1974 دووچاری برسیەتی هات، ئەو خەباتی بۆ یارمەتی هەژارانی ولاتەکەی دەستپێکرد. قەرزی کەمی بە هەژاران دا، بەو قەرزە کەمانە قازانجی زۆریان کرد، بەو یارمەتیە کەمە سوودی باشیان بینی. خوێندکارەکانی لە زانکۆی تشیتاگونگ گەشتێکی مەیدانیان کرد، لەو گەشتەدا ژنێکی کارمەندی دەسترەنگینی کورسی بامبوویان بینی، پێویستی بە برێک پارە هەبوو بۆ کڕینی کەرەستەی بامبوو. ئەو نمونەیە بوە بیرۆکەی بەخشینی قەرزی کەم بۆ دەستگرتنی هەژاران تا لەسەر پێیان بوەستن، سەرمایەی گچکە بۆ کاری بە بەرهەم بەکاربهێنن. ئەو هاتە سەر ئەو بۆچوونەی ئەو قەرزانە، ئەوانە لە نەهامەتی برسیەتی و لافاوی بەردەوام رزگار دەکات، ئەوانە بەردەوام کار دەکەن تا زۆرترو باشترو ئاسانتر بژین.

لەوەتی بانک هەیە قەرز دەداتە دەوڵەمەندان و زۆرتر دەوڵەمەندیان دەکات، بانکێک نی یە دەستی هەژاران بگرێت و سەرمایەیان بۆ دابین بکات تا بژیین. لە ساڵی 1976 محمد یونس یەکەم بڕە پارەی قەرزی دایە چەند کارمەندێکی دەسترەنگین و کارامەی هەژار، ئەو نەیزانی ئەو هەنگاوە دەبێتە بیرۆکەی دامەزراندن و گەشەی بانکی گەورەی هەژاران. کە 27 دۆلاری لە گوندی جوبرا دایە 42 زەمبیلفرۆش، یارمەتی ئەوانی دا تا ژیانیان بە ئاسوودەیی بەڕێوە بچێت. ئەو هەنگاوە بووە بەردی بناغەی بانکی گرامین، ئەوەی ئیمرۆ 1%ی ئابووری ولاتی بەنگلادیش پێکدەهێنێت. ئەو بە پێچەوانەی ئامۆژگاری بانک و حکومەت و سیاسەتی ئابووری ولاتەکەی کاریکرد، لەسەر بنەمای بڕوابوون و هاوکاری لە ساڵی 1983 بانکی گرامین یان بانکی گوندی دامەزراند. ئەو بناغەیە گەشەی کردو ئیمرۆ لەو ولاتەدا ئەو بانکە 1084 لقی هەیە، لەو لقانەدا 12500 کارمەند خزمەتی 2,1 ملێون کەس دەکەن و دانیشتووی 37 هەزار گوند قەرزی لێوەردەگرن. رۆژانە ئەو بانکە 1,5 ملێون دۆلار وەردەگرێتەوە بە خەڵکی تری دەداتەوە. تایبەتمەندی ئەو بانکەش ئەوەیە بەشی زۆری ئەوانەی سوودی لێوەردەگرن ژنن، 98% بەشداربووی ئەو بانکە ژنن. بیرۆکە قەرزی کەم بۆ هەژاران و بە تایبەتی بە ژنان ئیمرۆ لە 58 ولاتی جیهان پیادە دەکرێت، لەوانە لە ولاتانی دەوڵەمەندی وەک ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنداو فەرەنساو هۆلەنداو نەرویژو زۆربەی ولاتانی ئەسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای باشوور.

تا پارەو قەرزەکەی بانکەکەی ئەو خێربداتەوەو سوود بە هەموویان بگەیێنێت، قەرزەکە بەناوی ژنانەوە بووە، بەشی هەرە زۆری وەرگری پارەکان بەناوی ژنانەوە بوون، دیارە ئەو بەخشینی پارەکەی بە پیاوانەوە بە مسۆگەر نەزانیوە. بە شەش ساڵ کاری بەردەوامی بەو بەرنامەیە توانی سوودمەندانەی بگاتە پەنجا بە پەنجای ژن و پیاوان، بەڵام ئیمرۆ رێژەی ژنان گەیشتۆتە 98%، ئەوەش لە کۆمەڵگایەکی رادیکالی ئیسلامی ئاسان نەبووە. لەبەر ئەوەی لە بانکەکە پارە بە ژنانی نەخوێندەوار دراوە، کاغەزو پسولەو ئیمزای تێدا نەبووە، هەر لەو بانکانەشدا فەرمانبەریش کەمتربووەو دەستەجلی ڕەسمیشان کەمتر لەبەردابووە. بانکەکە چوویتە لای هەژارەکان، کەسەکان بۆ قەرز وەرگرتن نەهاتوون، مامەلەکە لەناو کوخ و کەپرە شڕەکانیانەوە کراوە. بەرنامەو کارەکەی بانکی محمد یونس بە پێچەوانەی هەموو بانکێکی تری جیهان بووە. ئەو تویەتی:

بانکی ئێمە بەپێچەوانەیە، پارە دەداتە ئەوانەی پارەیان نی یە، نەک کەسانی سەرمایەدار، گرامین بۆ کەسانی نەدارو دەستکورتە.

بانکەکە توانی پارەو سەرمایەی تایبەت بۆ بەرژەوەندی بانکەکەی بەکاربهێنێت، پرۆژەی ( گرامینفۆن ) 51% ی مولکی کۆمپانیای ( تیلینور ) ی نەرویژییە، ئەوەی یارمەتی بە ژنانی لادێی پێشکەش دەکەن، ئەو

ژنانە پارە وەردەگرن و تلفۆنی دەستی دەکرِن و یەکەکانی لە گوندە دوورە دەستەکانا بە دانیشتوانانی بەکرێی دەدەنەوە، بیرۆکەی ( ژنە تلفۆنەدارە گوندییەکە ) پەرەی سەندو لە زۆر ولاتانی تری ئەسیایی و ئەفریقیایی گەشەی کرد. بە هاوکاری نێوان بانکی گرامین و کۆمپانیای دانونی فەرەنسی پرۆژەی ( گرامین دانون فود )یان دامەزراند، بەیەکەوە کارگەی شیری منالانیان بە نرخی گونجاو دروستکرد. دیارە شیرەکەش بە چەندین خواردنی باشی بە ڤیتامینی سوودبەخش و مەوادی تر دەولەمەندو پوختکراوە، دیارە ئەو جۆرە شیرەش بۆ منالانی هەژار سوودی زۆری دەگەێنێت.

پرۆفیسۆر یونس بیری لەوە کردیتەوە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی چاوو بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەتی لە گوندەکان، بە نرخ و پارەی کەم بکاتەوە، ئەو نەخۆشخانانەش بە تۆرێک دکتۆرەکانی داکا ببەستێتەوە. سەرۆکی پێشوو ئەمریکی ( بیل کلنتۆن ) پێشنیاری بەخشینی خەلاتی نۆبلی بۆ محمد یونس کردبوو، ئەوەشی لە بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە.لەو وتارەی زانکۆی کالیفۆرنیا لە سالێ 2002 سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کلنتۆن وا پێناسەی یونسی کردووە:

ئەو پیاوە دەبووایە زوو خەلاتی نۆبلی بەرکەوێت، تا ئەو خەلاتە وەردەگرێت، من بەردەوام ئەو قسەیە دەکەمەوە. هیلاری کلنتۆنیش وتویەتی:

کە لە گەلێ هاوسەرەکەم خەریکی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچە هەژارنشینەکانی هەرێمی ئارکنسو بووین، محمد یونس زۆر هاوکاری کردوین. دکتۆر اکمل حسینی ئابووریناس و هاورێی کاری رۆژانەی، بە بەخشینی خەلاتی نۆبل بۆ محمد یونس وتویەتی:

بەخشینی خەلاتی نۆبل بە پرۆفیسۆر محمد یونس دەکرێ بە دوو ئاراستە لێکبدرێتەوە، یەکەمیان ئەو سێیەم موسلمانە ئەو خەلاتە وەردەگرێت، دووەمیش ئەوەیە ئەو کەسێکی خوارووی ئەسیایەو ئەوەش بۆ ناوچەکە بایەخی زۆری هەیە. یونس خەونی ئەوەی هەیە برسیەتی بنبرِبکات، پێناسەشی بۆ بانکەکە ئەوەیە: پەیامی هیواو بەرنامەی دانانی دەربەدەری و برسیەتی و نەدارییە لە مۆزەخانەکانا، لە دوارۆژا نەوەکانمان بچنە ناو مۆزەخانەکانا، لەوێی سەیری بکەن و بەسەرسامییەوە بلێن، چۆن نەوەکانی پێش ئێمە بواری ئەو نەخۆشیانانەیان داوە هەبن.

لەگەلێ زۆری پیرۆزبایی لەو کەسە هەژاردۆستە بەو خەلاتە، کەسانی واش هەبووە گلەیی هەبووە، وەک سەرۆکی پێشووی بزاڤی هاوکاری کرێکارانی جیهان لە پۆلونیا ( لیخ ڤالینسیا )ی خاوەن ئەو خەلاتە، نارِەزایی بە بەخشینی ئەو خەلاتە بە یونس دەبرِییوە، بیانۆکەشی ئەوە بووە گوایە یونس دروستکەرو ئامادەکەری بیردۆزێکی نوێی ئابووری نەبووە، بەلام زانایانی ئابووری و کۆمەلناسان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو دروستکەرو بگۆرِی پەیوەندییەکانی ئابووری نێوان هەردوو چینی دەولەمەندو هەژارانە لەسەر بنەمای پەیوەندی هاوبەشی و ماف و ئیلتزام.

لە کۆتایی بانکی دەولی هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی ئەو شێوە بانک و قەرزدانە چەندین ملیۆن هەژاری لە بازنەی نەداری و برسیەتی رزگارکردووە، ئەوەش دوا بوارە کەسی پێویست پەنای بۆ ببات. دیارە بە بۆچوونی محمد یونس پەناهێنان بۆ ئەو شێوە قەرزە بە مافێکی رەوای هەموو کەسی زانیوە.

( بانیسا خاتون )، ئەو ژنەی سوودی قەرزی لەو بانکە بینیوە وتویەتی: ئەو قەرزە کەمە منی رزگارکرد، ئێستا من ژنێکی کابانی بەبەرهەمی ڕێزدارم، بەتەواوی لەسەرخۆم دەژیم و لە برسیەتیە تاڵەکە رزگارم بوو. ئەو دە ساڵ بوو چاوەروانی مێردەکەی دەکرد کار پەیدا بکات و سەرچاوەی بژێوی هەموویان پەیدا بکات، کە بێئومێد بوو ئەو بانکە رزگاری کردن، گوندەکەیان 45 کم لە باکووری داکای پایتەختی بەنگلادیشەوە دوورە، لەو گوندەوە یەک تروسکایی گۆڕان و ژیانی خۆشی بە خەیالدا نەدەهات، رۆژ بە رۆژ گوزەرانیان خراپ و ئاڵۆزتر دەبوو، ئەو لە ژنانی گوندەکانی تەنیشت خۆیانەوە بیستی کەوا بانکێک پەیدابووە قەرزی کەم دەداتە ژنانی هەژار بەتایبەتی گوندنشینەکانیان، بە مانگێک هەزار تاکا ( 30 دۆلار ) ی لە لقێکی بانکەکە وەرگرت، ژنەکە بەو پارەیە عارەبانەیەکی ریکشوی بۆ پیاوەکەی کڕی، هەر بەو پارەیە پەلەوەری بەخێوکرد، پاش ماوەیەک ئەو ژنە بەو پارەیەو بە کاری بەردەوامی لە چاو ژنانی تری گوندەکەکانی بەنگلادیش دەوڵەمەندبوو.

هەروەها ژنەکە وتویەتی:

من ئێستا 27 عارەبانەی ریکشومان هەیە، کێڵگە پەلەوەرەکەمان 3 هەزار مریشکی تێدایەو گۆمێکی ماسیشمان هەیە. ئەوەش هەمووی بەو قەرزە هاتووتە بەرهەم کە لەو بانکە وەرمگرت. زلیخاش پارەی مانگایەکی لەو بانکە بە قەرز وەگرتووەو بە شیرەکە جوان دەژین. ژنە جیرانەکەشیان ( سامیر ) بە قەرزەکەی دووکانێکی گچکەی کردیتەوە، ئەو ژنانە بونەتە خاوەن زەوی و وەڵسات و شینایی و برنج. ژنانی تریش خەریکی کاسبین و خۆیان جوان دەژێنن و قەرزەکەش سەبر سەبر دەدەنەوە.

کە یونس خەڵاتەکەی وەرگرت لەو ناوچەیەدا لە خۆشیا شیرینی دابەشکرا، گۆرانی و سەماو ئاهەنگی بە جۆش سازکرا. بەرپرسی لقی بانکە وتی: ئێمە لەو ناوچەیەدا 80 ژن سوودی لێمان بینیووە. تا ئێستا ئەو بانکە 5,1 ملیار دۆلاری بە 5,3 ملێون کەسی هەژار بەخشیوە، هەروەها پرۆژەی ئەندامانی نەدارانیش خزمەتی 55 هەزار سواڵکەری کردووە.

یونس وتویەتی:

سەرەتا نەمدەزانی پرۆژەکەم سەرکەوتنی وا بەدەست دەهێنێت، سەرکەوتنەکەش لەوەهاتووە کەوا 1,2 ملیار کەس لەسەرگۆی زەوی پێویستیان بە یارمەتی هەیەو رەوشی ئابوورییان خراپە. ئەو لەساڵی 1997 لە واشنتۆنەوە هەلمەتی بیرۆکەکەی دەستپێکردووە، هەر ئەو ساڵە 7,6 ملێون خێزان سوودیان لەو قەرزە کەمانەوە لە هەموو جیهان بینیووە.

لە رۆژنامەی شرق الاوسط ، لە عمر فاروقەوە .